

کۆڕی بەڕێز / عەلی عەونی

## ( گۆڕینی ڕژێمی عێراق و ئاییندەی کوردو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست )

بەروار 2002/10/29

بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراق و ئاییندەی کوردو ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست گەلێك پێشهات و ئەگەر هەیە , وەك دانانی حاکمێك لەلایەن ئەمریکاوە . هاتن و کارکردنی بەتەواوی لەگەلّ ئۆپۆزسیۆنی عێراق و . یانیش دانانی کارزاییەك وەك حاکمێکی سەربازی عەرەبی سونی و . یان کۆدەتایەکی عەسکەری و لەناو خودی ڕژێمەوە دادەنێت . بۆ عێراقی ئاییندە گەلێك پێشهات و ئەگەر هەیە وەك یەك لەوانە دانانی حاکمێکە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریکا دێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەناوچەکەدا دەمێنێتەوە بۆ گۆڕینی ناوچەکە بەتەواوی و لەمەشدا هەموو کەنداوی دەکەوێتە بن دەست .

### ڕۆڵی کوردان

پرۆژەی فیدرالیزم بەم شێوەیەی ئێمە دەمانەوێت . نامێنێت . دەسەلاّتی لامەرکەزی دروست دەبێت بەجۆرەکی بەرفراوانتری نزیك ئۆتۆنۆمی . لەم حالّەتەدا ڕۆڵی ڕاگەیاندنی کورد گەلێك لاواز دەبێت یاخود نامێنێت لەبەر ئەوەی دامودەزگای ئەو دەسەلاّتە گەلێك خورد دەبێت و دەرفەت بۆ ئێمە ناهێلێتەوە .

ئایا پێشمەرگەی کوردستان لەسوپای خۆیان بەشداری دەکەن ؟

1-ئەگەر ئێمە بەشدار بکەن ڕۆڵی ئێمە چی دەبێت ؟

پاراستنی سنوورو هەرێمی کوردستان دەبێت دوای هێزەکانی ئەمریکا .

2-ئەگەر ببین بەهێزێکی بەپەراوێز کردن ؛ ناتوانین هیچ بکەین جگە لەبەجیهێنانی داخوازییەکانی ئەمریکی و بۆ ئێمە باشە کە خۆمان لەگەلّ شەپۆلەکەدا ڕێك بخەین .

ئەگەر ئێمەی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دا بەکار یەکخست . ئەم جارە ڕۆڵی خۆمان وون دەکەین . لەبەر ئەوەی ئەمریکا لەپێناو ئامانجەکانی خۆیدا . هەموومان بەکار دەخات بمانەوێ نەمانەوێ .

## کارزایی عێراق

وەکو گوتمان بمانەوێ نەمانەوێت دەبێت جێبەجێی بکەین ئەویش بۆ پێشگرتنە لەشیعەدا . ئەو حاڵەتە لەپۆلێن کردندا بەپلەی دوور دێت .

## چێبوونی کودەتا

ئەگەر کۆدەتا دروست ببێت ؛ ئەو کودەتایەش بەسروشتی خۆی گەلێك دوور ناکەوێت لەسیستەمی ڕژێمدا و دەبنە ڕژێمێکی مۆدێرن و ئارەزووەکانی ئەمریکا بەجێ دەهێنن  چونکە ئەوان قەرزباری ئەمریکان و دەستکەوتەکانی وان ئەنجامی لێدانی ئەمریکایە .

## حوکمداری ئەمریکا

لێرەدا بابەت و بەرژەوەندییە . ئەو سیستەمە نوێیە جیهانییەی ئەمریکایەکە چۆن سەرلەنوێ جیهان دابەش دەکاتەوەو ڕۆڵی وڵاتە زلهێزەکانی دیکە لەبەرهەمی ئەو کرپارە دا دروست دەبێت .

ئەگەر ئەمریکا بەتەنیا ( کەدوورە ) وادابنێین موجازەفەی کرد یەکێکی دیکە دێنێت و درتری دەکات و کاریگەری لێ دەکات و ئەمریکا ئەوەی ناوێت و لەبەرژەوەندی خۆیاندا نییە .

ئەگەر بڕیاری u . n هات . هێز بەهەرشێوەیەك بێت وەردەگرێت وەلێ زیانی پێ دەکەوێت لەخێرو بێری شەڕێدا . بەڵام قازانجی ئەو عارەب و ئیسلامانە وەك ئیمپریالیزم تەماشای ناکەن .

## کورد لەم سیناریۆیانەدا

یان دەبینە وڵاتێکی سەربەخۆ ئەگەر گۆڕینی نەخشە لەپەیمانی سایکس بیکۆ دا بکرێت . ئەوە ئێمە قازانجێکی نەتەوەیی دەکەین . ئەگەر هات و ئێمە لەدووەمین سیناریۆدا بووین لەفیدرالی کەمترمان دەست دەکەوێت نەك زێدەتر .

## ئێمە و عەرەب

ئەگەر دەسەلاَت بگۆڕدرێت بەچ شێوەیك پرۆژەی خۆمان پێشكەش بكەین ؟
ڕەنگە قەبوڵ نەكەن لەبەر ئەوەی كەئەقلیەتی ئەمان دیارە بەعسین و لەبەرناكۆكی شەخسی جودا بوونەتەوە , پسپۆڕەكانی عەرەبیش هێشتا بەتەواوی باوەڕ بەهەبوونی نەتەوەی كورد ناكەن . یان باوەڕیان پێی نییە .
ئەگەر قەبوڵ بكەن . ئێمە پێویستمان بەگرەنتی هەیە دوای قەبولكردنی ئەوانیش لەبەر ئەوەی ئەگەر بەهێزبوونەوە .

## عێراق و ڕەوشی دەوروبەر

ئەگەر هات و ئەمریكا دەسەلاَت لەعێراق بەسەروبەر بكات . ئینجا دێت لەناوچەكە دەگەڕێت و رێككەوتنان دەكات . لەلایەكی دیكە ئازەرییەكان هان دەدات بۆ ئەوەی كێشەو گرفتان بۆ ئێران دروست دەكات .
هەروەها دێت هاوپەیمانیەك لەنێوان عێراق و توریكا و ئیسرائیل رێك دەخات و ڕەنگە ئوردنیش لەم یارییەدا بەشداری بكات . بۆ ئەوەی سەرنجی فەلەستین یۆ ئوردن ڕابكێشێت و ئیسرائیلی لەبیر بچێتەوە .
هەروەها ئاوی خواردنەوە كۆنترۆل دەكات كار بۆ ئەوە دەكات كەئاو بۆ فەلەستین و ئیسرائیل و . هەروەها بۆ ئوردن و سعودیە و بۆ كوێت ولأتانی خواروی عەرەبی دابین دەكات .
یاریكردنی ئەمریكا بەكێشەی كوردی . ئازەری . بەلوجی و عەرەبان لەئێران بۆ تەنگاو كردنی وان وهاتنە خوارەوە لەبنەماڵەكانی كۆماری ئیسلامی . هەروەها لەوە دوورتر دەبێت بۆ توركیاش هەبێت و خەونی دابەشكردنی سعودیا لەقۆناغێكی دووتردا هەیە . ( ناوچەی حیاد لەسعودیادا )
لەم حاڵەتەدا دەوڵەتێكی بچوك لەشیعەو بەشێكی سعودیە پێك دێت . ڕەنگە كوێتیشی تێدا بێت . هەروەها لەسوریاشدا ناوچەی ( هلال الخصیب ) دەژێینێتەوە كەلوبنان بەخۆوە دەگرێت و شیمانەی دەوڵەتێكی دروزیش هەیە . بابەتی

گەڕانەوەی نەخشەی سودان . میسر . هیندستان و کشمیر و ئەوانە هەموویان دەکەونە ژێر ئەم کاریگەرییە.

## ئێمەو ئۆپۆزسیۆن و ئەمریکا

ئێمە هەتا ئێستا کۆك نین لەسەر پرۆژەی فیدرالیدا ( دارشتنەکەی ) .

دەسەلأتی ناوەندی عەرەب دەبن و دەسەلأتی فیدرالی کوردو عەرەب دەبن . ئەوەش پێویستی بەگوتاری شەقامی عەرەبی هەیە لەلایەن کورداندا لەبۆ ڕاکێشانی دەنگی ئەوان . چونکە ئێمە دوو ئەرکمان لەئەستۆدایە پاراستنی کوردان . ڕزگارکردنی عەرەبان . لابردنی مەترسی دراوسێیانیش پێویستی بەدەست پێوەگرتنی ئێمە هەیە بەعێراق بۆ نەهێشتنی عەرەبە کۆڵ لەدڵەکان و مەترسی دراوسێیان .

## ئێمەی کورد لەم هەموو سیناریۆیانەدا چۆن دەتوانین زیاترین قازانج بکەین

ئێمە ئەو ڕوشەی ئێستای خۆمان بپارێزین و لەسەر ئەو ڕوتە بەرێوە بچین .

بەهێزترکردنی پەیوەندی ئابووریمان لەگەڵ عەرەبان و ڕاکێشانی دەوڵەمەندەکانیان بۆ ئیستسمارکردن لەهەرێمی کوردستان .

ڕاگرتن و پاراستنی دوورایی نەتوەییمان و پاراستنی بالانسی ئینتیمای عێراقی بوونمان لەم قۆناغەدا .

## ئۆپۆزسیۆن

حزبی دەعوە ( لەژێر کاریگەری ئێراندا ) ئەوان باوەڕیان بە دۆزی کوردنییە و لەبەر شیعەیە پشتگیری فیدرالیزم دەکەن .

Inc ( التجمع ) ئەحمەد چەلەبی و گرفتە ڕۆڵێکی بدرێتێ چونکە دەوڵەمەندو تکنوکراتن و ڕەگ و ڕیشەیان لەناو عێراقدا نییە .

ویفاقی نیشتمانی : ئەیاد عەلاوی بەعسیەو ئەوانیش ڕەگیان لەعێراقدا نییە .

کۆمەڵەی ئەفسەرانی پایەبەرز : ئەوانیش چ جەماوەریان نییەو بەشدارییان لەکار تیرۆرکارییەکانی وەك ئەنفال و کیمیاباران و لەسێدارە داندا کردووە .

ئەحمەد چەلەبی : ئەوەی سەدام دەیدات چەلەبی نایدات . باوەڕی بەمافی گەلی کورد نییە و بەرنامەیەکی ڕوونی نییە بۆیان . ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەدەرەوە لەئوتێلەکانن و لەسەنگەردا نین .

## ڕەوەندی کورد لەدەرەوە

ڕەنگدانەوەی واقیعی کوردستانن .

بزاڤی کوردی دەبێت خەڵکی دەرەوە هان بدات بۆ ئەوەی کاربکەن لەفیدراسیۆنی کوردستانیداو گرنگ نییە کێ دەچێتە پلەیەکی دیاریکراودا . بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە کوردێك بکەوێتە دەزگایەکی دیاریکراو .

بابەتی زمان و کەلتووری دەوڵەمەند بکەین و هانیان بدەین بخوێنن .

حزب هەوڵ بدات خەڵك بەکاربخات و ڕۆڵی خۆیان ببینن.

میکانزمی خۆیان هی حزبایەتی لەئەوروپا بگۆڕن لەشانەو ڕێکخراودا بۆ گروپ . تیم و یانەو . تابتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن .

## پێشنیارەکان

بەرز کردنەوەی لایەنگیری عێراقیمان .

پەرەپێدانی پەیوندییە ئابوورییەکان و هاندانی هاتنی سەرمایەی عێراقیەکان بۆ کوردستان .

ئامادەیی خۆمان دەردەبڕین بۆ پێشوازی عەرەبەکان ئەم هەڵوێستە باشتر دەمانپارێزێت .

گوتاری خۆمان ئاراستە بکەین بۆ هەممو عێراق و لەڕاگەیاندندا هەرچەند هەندێك لایەنی نالەباری دەبێت .

پەرەپێدانی دیموکراسیەت و بۆ سەرژێر بوونی لەعێراق بەگشتی و هەموو ناوچەکەش و بتوانن ببینە مۆدێلێك بۆ ناوچە ئەمانە وەمانمان مسۆگەر تر دەکات .

کارکردن بۆ گۆڕینی عەقڵیەتی کوردی بەتایبەتی و جولاندنی عەقلی عەرەبیو عێراقی بەگشتی .

ڕەچاوکردنی نەتەوەکانی دیکەی کوردستان و عێراق .

کارکردن لەسەر فایلی مافی مرۆڤ و بابەتی بەعارەبکردن و ئەنفال و لەدەرگای مافی مرۆڤەوە بچینە ژووری .

هەوڵ بدەین بابەتی دەسەڵات و ئایینی لەیەك هاوێر بکەین هەرچەندە لەئەوروپاش ماوەتەوە .

کارکردن لەسەر دوورایی نەتەوەیی بەتایبەتی لەسەر ڕەوەندی کورد لەدەرەوە .

لێکۆلینەوەو خوێندن لەکوردستان لەگەڵ مۆدێلە دیموکراسیەکان بگونجێنین .